دوو کەس لە دوو ئاینی جیاواز بن؛ نابن بە میراتگری یەکتر

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «»دوو کەس لە دوو ئاینی جیاواز بن؛ نابن بە میراتگری یەکتر.

[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: دوو کەس یان کۆمەڵێک لەگەڵ کەسێکی تر نابن بە میراتگری یەکتر ئەگەر ئاینەکانیان جیاواز بێت، بۆیە مسوڵمان نابێتە میراتگری گاور یان نەسڕانی وبە پێچەوانەوە، چونکە مەرجێک لە مەرجەکانی میراتگری تێدا نییە ئەمیش بریتیە لە شوێنکەوتنی هەمان ئاین، ئەگەر ئاینەکەیان جیاواز بوو؛ ئەوا نابن بە میراتگری یەکتر، وئەمیش وتەی زۆرینەی زانایانە -الجمهور-ە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/64718